نوسینگەی سیستانی ڕۆژی شەممە 7ی حوزەیرانی وەک یەکەمین ڕۆژی جەژنی قوربان دەستنیشان دەکات



نوسینگەی عەلی سیستانی، مەرجەعی باڵای ئاینی لە عێراق ڕایگەیاند، سبەی چوارشەممە دوا ڕۆژی مانگی (ذی القیدە) و پێنجشەممەش یەکەم ڕۆژی مانگی مانگی (ذی الحجە) و ڕۆژی شەممە 7ی (حوزەیران/6) یەکەمین ڕۆژی جەژنی قوربانە.

نوسینگەی عەلی سیستانی، ئەمشەو لە ڕاگەیەندراوەکدا بڵاویکردەوە، سبەی چوارشەممە دوا ڕۆژی مانگی ذی القیدە و ڕۆژی پێنجشەممە، کە هاوتایە لەگەڵ 29ـی (ئایار/5) یەکەمین ڕۆژی مانگی ذی الحجە. بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکەی نوسینگەی سیستانی، ڕۆژی شەممەی داهاتو کە دەکاتە 7ی (حوزەیران/6) یەکەمین ڕۆژی جەژنی قوربانە لای شیعەکانی عێراق.